

# شارا و رەگی شین

تاریق کارێزی

ڕەنگ یەکێکە لە دوو توخمە سەرەکییەکەی هونەری شێوەکاری (تەنانەت گەردوونیش). پێکهاتەیەکی سەرەکیی گوتاری دیدەییە. لە لای شێوەکاران بایەخێکی ستراتیژیی هەیە. ڕەنگ لە سروشتدا خۆڕسکە و ئاوێتە بە واتای فیگەر و دیمەنەکانی ژیان دەبێت. بە هەمان شێوە لە لای شێوەکاریش، ڕەگی خۆڕسکانەی ڕەنگ ئاوێتە بە واتا دەبێت. ئەو لە یەك کاتدا شێوە و واتایە.

با گوێ لە شارا بابان بگرین، چۆن باسی یەکێك لە سێ ڕەنگە سەرەکییەکەی (سوور، شین، زەرد) دەکات: «پرۆژەی ڕەگی شین (لێرەدا ڕەگ و ڕەنگ ئاوێتەی یەکن)، بیرۆکەی شوێن، بەرهەمی بیندراو، ماتریاڵی بەکار هاتوو، ئەگەر بۆ هەموو ئەو بەریەك کەوتنانەی من لە ڕابردوودا بگەڕێینەوە، ئێستا شوێن بەشێکە لە پرسیار و وڵام، بەشێکی سەرەکییە لە ئێستا، پرسیاریشە لە ئێستا و ڕابردوو. پرۆژەی ڕەگی شین هەم ڕەخنەیە هەم سکاڵا. ڕەگی شین ڕەخنەیە بۆ هەموو ئەو نادادییەی دەرهەق بە مرۆڤ دەکرێت، لە ناویشیاندا ژن زیاتر بەر ئەم قوربانییە کەوتووە. شوێنیش بەشێکە لە ڕەخنە، کە قۆرخ کراوە و لە منی ژن زەوت کراوە.»


ڕەگ و ڕەنگ تەنیا پیتی (ن) لە یەکیان جیا دەکاتەوە. لە بەرهەمەکانی (شارا)دا ئەو پیتە کرێچنی ئاوێتە بوونە. ئاوێتە بوونی هونەرمەند و ژینگە. (ڕەگی شین، پرۆژە پیشانگایەکی شارا بابان بوو، بۆ یەکەمین جارە لە مزگەوتێکدا «مزگەوتی ئاڵتوون- هەولێر» دەکرێتەوە). شین ڕەنگیکی ساردە، بە لای ڕامان، پشوو درێژی و بەربڵاویدا دادەکشێت. دەریا، ئاسمان، ڕووبار، ئاسۆ و گەلێك شتی دیکەی بەرین و بێ سنوور، شینن. شین لە لای کورد ڕەنگی ماتەمیشە، لە زمانی کوردیشدا، شین واتە ماتەم «شین و شایی، دەستەوایی». لە هەمان کاتدا ژیانەوەیە (شین بوونی گژ و گیا، دەغڵ و دان). کەواتە دەکرێ لە گۆشەنیگای هەڵبژاردنی ڕەنگی شینەوە، پەی بە گەلێك ڕاز و نیاز و خواستی ئەو ژنە هونەرمەندە ئاشنا بین. لە باری دەروونەوە، ڕەنگی شین ئارامە، هێوری دەبەخشێت. لە پاڵ هەردوو ڕەنگی وەنەوشەیی و مۆر، شین تا ئەندازەیەك ڕەنگی خەون و خەیاڵیشە. ڕەنگێکە هەردوو ڕەهەندی ژیان و خەون، دنیای بەر دیدە و ئەوەی نێو خەیاڵیش، پێکەوە گرێ دەدات.

مزگەوت، شوێنی پیرۆزی خودا پەرستی، هەردەم ئامێزێکە بۆ هونەر. چەندین هونەر لە دروست بوون و بەرجەستە بوونی مزگەوتدا ئاوێزانی یەك دەبن (تەلاسازی، نەخش «زەخرەفە»، خۆشنووسی..). واتە مزگەوت لە بنەڕەتدا بە هونەر نامۆ نییە. لە شارێکی وەك کەرکووك، تەکیە و خانەقا باوەشیان بۆ هونەری دیکەش کردووەتەوە (سەمای دەروێشان، مەقام خوێندن، شیعر گوتن). هەموو ئەم دەرهاویشتانە نیشانی دەدەن، کەشی مزگەوت بە هونەر نامۆ نییە. خۆ بابەتی ئەو بتانەی حەزرەتی ئیبراهیم شکاندنی، لە سەردەمێکدا بووە، عەقڵی جڤاك وابەستەی بازنەیەکی تەسکی بیرکردنەوە بووە. لێرەدا بۆ شکاندنی تابۆ، کە لە بنەڕەتدا دروست کراوی نەریتە، نەك لە باوەڕی پەتییەوە سەرچاوەی گرت بێت، شارا بابان هاتووە لە نێو مزگەوت (پەرستگە) دا پیشانگای شێوەکاریی کردووەتەوە. بە دەنگەوە هاتنی مامۆستای ئەو مزگەوتەش، کارێکە تەواوکەر و بارتەقای کۆششەکەی خانمی هونەرمەند، کە بەم جۆرە باسی ئەرك و زەحمەتییەکەی خۆی دەکات «زۆر هیلاك بووم، قورسە کاری (هونەر)بکەیت و لە دەمی خۆتی بگریتەوە و بیکەیتە پرۆژەیەکی هونەری، بێ هاوکاریی هیچ کەس، بە تەنیا بووم، زۆر هیلاك بووم.» ئەو بەوەش دڵی خۆی دەداتەوە «باش بوو، دڵم خۆش بوو، (پیشانگاکە) بووە باسێکی گشتی، خەڵکی هێنایە قسە. تەنانەت بابەتی حەرام و حەڵاڵی (لەم ژوانەی هونەر و پەرستگادا) یەکلایی کردەوە. خەڵکێك هەتا ئێستا لە هونەر دوورە پەرێز بوون، پێیان وا بوو حەرامە.»

ڕەنگە بە دیوێکی دیکەدا شارا مەبەستی بووبێت، کە «مێ» ڕەگ و ڕەنگی شینە، واتە سەرچاوەی ژیانە. بۆی هەیە لە هەموو دەرگایەکی ژیان بدات. وەك چۆن دەروازەکانی ژیان و ژینگە بە ڕووی «نێر»دا کراونەتەوە، شارا پێی وایە «مێ»ش لە ڕووی مرۆییەوە هیچی لەو کەمتر نییە، مافی خۆیەتی دەروازەکانی ژیان و ژینگەی بە ڕوودا بکرێنەوە. ئەوسا ژیان ڕەنگینتر، دەوڵەمەنتر، ڕەنگاڵەتر دەبێت. پرۆژەکەشی گوتارێکی جوان بوو بەو ئاراستەیە. ئەو بۆ خۆی ڕازییە و پێی وایە پەیامەکەی گەیشتووە.



**لە شارێکی وەک کەرکووک، تەکیە و خانەقا باوەشیان بۆ هونەری دیکەش کردووەتەوە (سەمای دەروێشان، مەقام خوێندن، شیعر گوتن). هەموو ئەم دەرهاویشتانە نیشانی دەدەن، کەشی مزگەوت بە هونەر نامۆ نییە**




**زۆر هیلاک بووم، قورسە کاری (هونەر)بکەیت و لە دەمی خۆتی بگریتەوە و بیکەیتە پرۆژەیەکی هونەری، بێ هاوکاریی هیچ کەس، بە تەنیا بووم، زۆر هیلاک بووم.**



# ئارتشل ملکەچی داواکان دەبێت

دوای ئەوەی کچە ئەکتەری تورکی هاندە ئەرتشل رووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆری ڕەخنەگران و بەرهەمهێنەرانی بواری نواندن بووەوە، لە ئێستا هاندە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی سەردانی لەندەن بکات بەمەبەستی خوێندنی زیاتر لە بواری نواندن.

دوای ئەوەی زنجیرە درامای (مرواریی ڕەش) سەرکەوتوو نەبوو و نەیتوانی ڕێژەی پێویستی بینەران بۆ خۆی پەیدا بکات و دوای نمایش کردنی تەنیا (٢٠) ئەڵقەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری دراماکە بڕیاری ڕاگرتنیان دا، بەشێکی زۆری ڕەخنەگران هۆکاری ئەم سەرنەکەوتنەیان بۆ ئەدای لاوازی ئارتشل گەڕاندەوە.

بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم ڕەخنانە بڕیاریدا سەردانی لەندەن بکات بۆ بەشداری کردن لە چەند کۆڕسێکی تایبەتی نواندن، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هونەری ئەم سەردانەیان بە درێژخایەن وەسف کرد، چونکە بڕیار وایە چەند وانەیەکی چڕو پڕ وەربگرێت و سەردانی کەسایەتییە هونەری و ئەستێرەکانی نواندن بکات.

سەرچاوەکان ئەوەشیان دووپات کردەوە کە مەبەستی ئارتشل لەو سەردانە ئەوەیە کاتێك دەگەڕێتەوە تورکیا وەك ئەکتەرێکی کامڵ بەشداری لە کارەکانی داهاتوویدا بکات.

شایەنی باسە ئارتشل تا ئێستا بەشداریی لە چەندین درامای تورکیدا کردووە و ئەم زنجیرانە سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، بەڵام دوای سەرنەکەوتنی ڕۆڵەکەی لە زنجیرە (مرواریی ڕەش) بیری لەوە کردووە کە پێویستە زیاتر خۆی ماندوو بکات بۆ سەرکەوتنی لە کارە هونەرییەکان و دوورکەوتنەوەی لە ڕەخنەی جەماوەر و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی هونەری.



# ترامپ پێشوازی لە کیم کارداشیان کرد

ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٣٠ ئەستێرەی تەلەفزیۆنی واقعی ئەمریکی کیم کارداشیان لە کۆشکی سپی ئەمریکادا چاوی بە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا کەوت بە ئامادەبوونی پارێزەری تایبەتی خۆی بۆ باسکردنی چەند بابەتێکی تایبەت بە پرسی زیندانییەکان لە ئەمریکا.
دیداری نێوان ترەمپ و کارداشیان نزیکەی یەک کاتژمێری خایاند و تێیدا کارداشیان باسی لە ڕەوشی بەندکراوەکان و حوکمی دادگاکانی ئەمریکا بۆ سەرۆکی وڵاتەکەی کرد، ترەمپیش گرنگییەکی زۆری بەم دیدارە دا، بۆ ئەم مەبەستەش وێنەیەکی خۆی و کارداشیان لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاو کردەوە و بە کۆبوونەوەیەکی باش وەسفی کرد، هەر لەم بارەوە کیم ئەم دیدارەی قۆزتەوە و داوای لە ترەمپ کرد کە لێبووردنێك رابگەیەنێت بۆ ئافرەتێك بە ناوی ئەلیس مارییە و تەمەنی ٦٢ ساڵ کە بە هەتا هەتا سزا دراوە دوای تێوەگلانی بە کارکردن لەگەڵ تۆڕێکی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە.
دوای دیداری لەگەڵ سەرۆك ترەمپ، کیم چاوی بە ئیڤانکای کچی و زاواکەیشی کەوت و بە دوورودرێژی باسیان لەو ئافرەتە کرد کە بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان سزا دراوە، لەم بارەوە کچ و زاواکەی ترەمپ پشتگیریی خۆیان بۆ داواکەی کیم دەربڕی.
شایەنی باسە کیم یەکێك بوو لە لایەنگرانی ترەمپ و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کچەکەی ترەمپ هەیە کە ڕۆڵی هەبوو لە ڕێکخستنی ئەو چاوپێکەوتنە.



# جنیفەر لۆپێز ڕووبەڕووی پیری دەبێتەوە

جنێفەر لۆپێزی ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی ڕایگەیاند بە هیچ شێوەیەك ترسی لە بەساڵاچوون و پیربوون نییە، چونکە دڵنیایە لەوەی زوو، یان درەنگ پیر دەبێت.
لۆپێز کە ماوەی زیاتر لە شەش مانگە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ یاریزانی بیسبۆڵ ئەلیکس رۆدریگز لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری (ET) دووپاتی کردەوە کە هێشتا خۆی بە گەنج دەزانێت و لەم بارەوە وتی: سەرەڕای ئەوەی تەمەنم نزیکی پەنجا ساڵ بووەتەوە، بەڵام تا ئێستا توانیومە گەنجێتی خۆم بپارێزم ئەویش لە ڕێگای خواردنی تەندروست و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بەشێوەیەکی بەردەوام، بەتایبەتی لەگەڵ ئەلیکس رۆدیگزی خۆشەویستم کە یاریزانێکی ناسراوی بیسبۆڵە و هاوکاریی زۆرم دەکات.
ئەو ئەستێرە جیهانییەی کە بە ڕەچەڵەك لاتینییە ئاماژەی بەوەش کرد لەو کەسانە نییە کە حەز بە خۆدەرخستن بکات لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵە جیهانییەکان، بەڵکو لەو جۆرە ئاهەنگ و فیستیڤاڵانەدا نایەوێ لەگەڵ هیچ کەسێك قسە بکات.
جنێفەر بەم دواییە بە یاوەری خۆشەویستەکەی بەشداریی لە ئاهەنگێکی خێرخوازیدا کرد کە ڕێکخراوی (The Robin Hood) ئەنجامیدا بوو لە شاری نیویۆرك و بە جوانی و جلوبەرگەکانی سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا، ئەوەی زیاتر سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا، خۆشەویستەکەی جنێفەر بوو کە بە هیچ شێوەیەك بە درێژایی ئاهەنگەکەی لێی جیانەدەبووەوە، لەم ئاهەنگەدا کراسێکی ڕەشی سەرنجڕاکێشی پۆشیبوو.



## ئەحلام حەجی:

# نامەوێ کارێک ئەنجام بدەم قەناعەتم پێی نەبێت

**لە سەردانێکی ئەم دوابیەی خانمە راگەیاندکار و شاجوانی پێشووتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ شاری هەولێر، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد دەربارەی کاری مۆدێل و راگەیاندن و چەند پرسێکی تایبەت بە خۆی، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** بۆچی دەرکەوتنت لە سنووری فاشیون تێپەڕ ناکات؟**

- رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە من زیاتر خۆم لەو جۆرە بەرنامانەدا دەبینمەوە کە گرنگی بە جلوبەرگ و جوانی دەدەن، هەروەها من خۆیشم عاشقی جلوبەرگی جوانم.

*** هیچ پێوەرێکی جێگیرت هەیە لەو برنامانەی کە پێشکەشیان دەکەی؟**

- بەر لە هەر شتێك هەوڵ نادەم بەرنامەیەك پێشکەش بکەم کە تێیدا سەرکەوتوو نەبم، ئەمەش وام لێدەکات کە لە هەموو لایەکەوە لەو بەرنامەیە وردببمەوە، چونکە دەمەوێ بەرنامەیەك پێشکەش بکەم کە نوێ بێت بۆ بینەر و کاتێك بۆ یەکەم جار دەیبنێت هەست نەکات کە پێشتر ئەو بەرنامەیەی بینیوە واتە دوور بێت لە لاسایی کردنەوە و بینەر بێزار نەکات. من ئەو کارانەم دەوێ کە تایبەت بن بەخۆم و ناوی من و بەرنامەکەم گونجاو بن، چونکە ئامانجی من رازی کردنی بینەرە.

*** چۆن توانیوتە سەرنجی ئەو جەماوەرە زۆر رابکێشن؟**

- لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە من خۆم زۆر ماندوو دەکەم لە پێناو سەرکەوتنی کارەکەم و پێشکەش کردنی بە باشترین شێوە، چونکە ئامانجی من دۆزینەوەی ئەو شتانەیە کە بینەر ئارەزوویان دەکات.

*** هەڵبژاردنت بە شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ سوودێکی پێگەیاندی لە ژیانتدا؟**

- سەرکەوتنم لە بواری پێشکەشکردنی بەرنامەی فاشیون و دواتریش لە بواری شاجوانیدا وایکرد کە متمانی میدیاکان و خۆشەویستی جەماوەر بە دەست بهێنم ئەمەش سەروەتێکی گرانبەهایە، لەوانەیە رووبەڕووی گرفت ببمەوە، بەڵام شانازیی پێوە، چونکە توانیومە ناوی خۆم و خانەوادەکەم و ئاڵای وڵاتەکەم بەرز بکەمەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا.

*** بۆچی رووت لە راگەیاندن کرد؟ ئایا گەڕان بووە بەدوای دەرفەت یان گەڕانە بە دوای ئامانجێکی دیاریکراوە کە تا ئێستا نەتدۆزیوەتەوە؟**

- خۆشەویستیم بۆ جلوبەرگ و فاشیون دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، بە پێچەوانەی خوشکەکانم هەمیشە دایکم بە دەستی منەوە دەیناڵاند بەهۆی جلوبەرگەوە، ئەم خۆشەویستییە لە ناخی مندا چەکەرەی کرد تا گەیشتمە ئەو ئاستەی ببم بە یەکێك لە مۆدێلە ناسراوەکانی زۆر لە مارکەی جیهانی، ئەمەش وایکرد شارەزاییەکی زۆر پەیدا بکەم و دەرگاکانی لەبەردەممدا واڵا کرد. یەکێك لەو دەرگایانەش راگەیاندن بووە، بەڵام ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوە بووە کە دەربڕی خودی خۆم بم و بەهرەکانم دەربخەم.

*** پێتوایە لەم بوارەدا سەرکەوتووی؟**

- دەکرێ ئەو پرسیارە ئاراستەی بینەران بکرێ، چونکە پێویستە ئەوان هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی من بکەن، بەڵام پێموایە سەرکەوتووم لە ئەنجامی ئەو ئەرکە زۆرەی کە کێشاومە لەپێناو سەرکەوتنی کارەکانم.

*** هێڵە سوورەکانت چین لەسەر ئاستی کەسی و لە بواری کاردا؟**

- من کەسێکی بە جورئەتم لە هەنگاوەکانم بەرەو دواڕۆژ، نامەوێ کارێك ئەنجام بدەم کە قەناعەتم پێی نەبێت. ژیانێکی ئاسایی دەژیم بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە سیستەمی ژیانی تایبەتیم ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی لە رەخنەی کەسانی تر دوورکەومەوە، من چۆنم دەمەوێ هەر ئاوا بم.

*** روخساری جوان چ سوودێکی هەیە بۆ کچە بێژەرێك؟**

- راستییەك هەیە پێویستە دانی پێ بنرێت ئەویش ئەوەیە کە بێژەری کچ پێویستە جوان بێت بۆ ئەوەی بە جوانی دەربکەوێت و قبوڵ کراو بێت لای بینەر، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەو جوانییە خاوەن رۆشنبیرییەکی باش و ئاگاداریی بابەتەکان بێت واتە تەنیا خوێنەر نەبێت بۆ ئەوە بابەتانەی دەخرێنە پێشی و بۆی ئامادە دەکرێن.

*** پێتوایە جوانی نیعمەتە، یان نەهامەتییە بۆ بێژەری کچ؟**

- هەر شتێك خوای گەورە پێی بەخشیوین، نیعمەتە، جوانییش یەکێکە لەو نیعمەتانە، پێویستە مرۆڤ بە قەناعەتەوە جوانییەکەی خۆی قبوول بێت، بەڵام پێویستە بابەتەکە بۆ کچە ئەکتەرێك یان بێژەرێك جیاواز بێت، نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە بیرکردنەوە و بۆچوونی مرۆڤەکان جیاوازە، رەنگە لە چاوی کەسێك جوانی بێت، بەڵام کەسێکی تر بە جیاواز ببینێت. بەشێوەیەکی گشتی من وای نابینم کە جوانی نەهامەتی بێت بۆ ئافرەت.

*** خاڵە لاوازەکانت چین؟**

- لەوانەیە زۆر هەستیاریم لە لایەنی مرۆڤایەتییەوە گەورەترین خاڵی لاوازی من بێت.

*** چۆن گوزارشت لە خۆشییەکانت دەکەی؟**

- من بە سروشتی خۆم کەسێکی هێمنم، تەنانەت کاتێك خۆشیش دەردەبڕم، بینینی خەڵك بە دڵخۆشی وادەکات هەست بە کامەرانی و ئاسوودەیی بکەم، بەتایبەتی کاتێك من هۆکاری خۆشییەکانیان بم، جا ئەگەر ئەمە لە رێگای راگەیاندنەوە بێت، یان لە رێگای کارە خێرخوازییەکانم کە لە چوارچێوەی رێکخراوی (احلام الطفولة)ـەوە پێشکەشیان دەکەم.

*** ئەی چی دەتگریێنێ؟**

- زۆر لە دیمەنە ترسناکەکان کە ئێستا لە ژیانی رۆژانەمان دەیانبینین وام لێدەکات بگریم، بەتایبەتی دیمەنی منداڵە ئاوارەکان کە بەهۆی جەنگەوە دەناڵێنن، جەنگێك کە ئەوان هیچ پەیوەندییان بە دروستبوونی ئەو شەڕانەوە نییە، بەڵکو بوونەتە قوربانیی جەنگ، من سەردانی کەمپەکانی ئاوارەکانم کرد و هەست بە ئازارەکانیان دەکەم.

**بێژەری کچ پێویستە جوان بێت بۆ ئەوەی بە جوانی دەربکەوێت و قبوڵ کراو بێت لای بینەر، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەو جوانییە خاوەن رۆشنبیرییەکی باش و ئاگاداریی بابەتەکان بێت**

